خوای گەورە (ئەلموسەعیر:المسعر) -و- (ئەلقابیز:القابض) -و- (ئەلباسیت:الباسط) -و- (ئەلڕەزاق:الرازق)ە، من هیوام ئەوەیە کە بگەمە لای خوای گەورە وهیچ یەکێک لە ئێوە داواکاریەکی نەبێت (لە دژی من) لە خوێن ومااڵ

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خەڵکی ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، نرخەکانی زیادی کرد؛ نرخەکانمان بۆ چاکە بکە (فسَعِّرْ لنا)، ئەویش پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە (ئەلموسەعیر:المسعر)* -و- (ئەلقابیز:القابض)** -و- (ئەلباست:الباسط)^ -و- (ئەلڕەزاق:الرازق)ە^^، من هیوام ئەوەیە کە بگەمە لای خوای گەورە وهیچ یەکێک لە ئێوە داواکاریەکی نەبێت (لە دژی من) لە خوێن ومااڵ». *(ئەلموسەعیر:المسعر // ناوی خوای گەورە نییە بەڵکو لە کردەوەکانی خوای گەورە بە واتای ئەوە دێت بەرزکردنەوە ونزمکردنەووەی نرخەکان بە دەستی خوای گەورەیە)، **(ئەلقابیز:القابض // ناوێکی خوای گەورە وباشتر وایە لەگەڵ ناوی -ئەلباسیت:الباسِط- باسبکرێت بە مانای ئەوە دێت خوای گەورە ڕزق وڕۆزی وهەرشتێکی بوێت دەیگرێتەوە وقەدەغەی دەکات لەسەر بەندەکان ئەمیش بە ئەوپەڕی حیکمەتی زاتی مەزنی)، ^(ئەلباست:الباسط // ناوێکی خوای گەورەیە بە مانای ئەوە دێت خوای گەورە ڕزق وڕۆزی فراوان دەکات لەسەر بەندەکان وزیاتری پێدەبەخشێت بە ئەوپەڕی حیکمەتی زاتی مەزنی)، ^^(ئەلڕەزاق:الرازق // ناوێکی خوای گەورە بە مانای ڕۆزیدەر دێت واتا ڕزق وڕۆزی دەبەخشێت بە بوونەوەرەکان)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

نرخی شتومەکان بەرز بوویەوە لەسەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە خەڵکی داوایان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد کە نرخی شتومەکەکان دیاری بکات، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: «خوای گەورە (ئەلموسەعیر:المسعر)* -و- (ئەلقابیز:القابض)** -و- (ئەلباست:الباسط)^ -و- (ئەلڕەزاق:الرازق)ە^^»، واتا خوای گەورە هۆکار دەڕەخسێنێت بۆئەوەی نرخی شتومەکەکان دابەزێت یان بەرز بێتەوە، وڕزق وڕۆزی فراوان دەکات لەسەر هەرکەسێک بیەوێت وتەنگی دەکاتەوە لەسەر هەرکەسێک بیەوێت، واتا هەرکەسێک بیەوێت نرخەکان دیاری بکات ئەوا دەیەوێت کێبڕکێ لەگەڵ خوای گەورە بکات لەوەی ویستی لەسەرە، ومافەکان لەسەر بەندەکان قەدەغە دەکات لەو شتانەی خوای گەورە بۆیانی دەوێت لە هەرزان کردن یان گران کردنی نرخەکان. پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (من هیوام ئەوەیە کە بگەمە لای خوای گەورە وهیچ یەکێک لە ئێوە داواکاریەکی نەبێت -لە دژی من- لە خوێن ومااڵ): ئەمیش ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی ڕێگرە لەوەی نرخەکان دیاری بکات ئەمیش بریتیە لە ستەملێکردنیان لە سامانەکانیان، دیاریکردنی نرخەکان ومامەڵەپێکردنیان بە بێ ڕوخسەتی خاوەن وشارەزایانی ستەمە، بەڵام ئەگەر بازرگانەکان ڕێککەوتن لەسەر زیادکردنی نرخەکان بۆ خۆسەپاندن بەسەر خەڵکیدا؛ ئەوا لێرەدا فەرمانڕەوا بۆی هەیە نرخێکی دیاریکراو دابنێت بۆ شتومەکان ئەمیش بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لە نێوان فرۆشیار وکڕیارەکان، ئەمیش وەکو کارکردن بە بنچینە گشتیەکە، بنچینەی هێنانی چاکە وقازانج ولادانی خراپە وزیان، وئەگەر بە ڕێککەوتن نرخەکان بەرز نەکرایەوە بەڵام بەهۆی زۆری داواکردنی شتومەکەکان وکەمی شتومەک بوو، بە بێ فێڵکردن، ئەوا لێرەدا فەرمانڕەوا بۆی نییە نرخەکان دیاری بکات، بەڵکو واز لە خەڵکی دەهێنێت؛ وخوای گەورە ڕزقیان پێدەبەخشێت، بۆیە نابێت بازرگانەکان نرخەکان بەرز بکەنەوە بۆ زیاتر لەوەی ئاساییە ونابێت نرخەکان دیاری بکەن بە ئارەزووی خۆیان، بەڵکو ئەو نرخە دادەنێن کە قازانجەکەی باشە وهەروەها زیان بە کڕیار ناگەیەنێت بە ڕەچاوکردنی باری دارایی وداواکردن لە نێو بازاڕدا، ئەمیش باشترین تێگەیشتنە لەم فەرموودەیە. *(ئەلموسەعیر:المسعر // ناوی خوای گەورە نییە بەڵکو لە کردەوەکانی خوای گەورە بە واتای ئەوە دێت بەرزکردنەوە ونزمکردنەووەی نرخەکان بە دەستی خوای گەورەیە)، **(ئەلقابیز:القابض // ناوێکی خوای گەورەیە

وباشتر وایە لەگەڵ ناوی -ئەلباسیت:الباسِط- باسبکرێت بە مانای ئەوە دێت خوای گەورە ڕزق وڕۆزی وهەرشتێکی بـوێت دەیگرێتـەوە وقەدەغـەی دەکـات لەسـەر بەنـدەکان ئەمیـش بـە ئەوپـەڕی حیکمەتـی زاتـی مەزنـی)، ^(ئەلباست:الباسط // ناوێکی خوای گەورە بە مانای ئەوە دێت خوای گەورە ڕزق وڕۆزی فراوان دەکات لەسەر بەندەکان وزیاتری پێدەبەخشێت بە ئەوپەڕی حیکمەتی زاتی مەزنی)، ^^(ئەلڕەزاق:الرازق // ناوێکی خوای گەورە (بە مانای ڕۆزیدەر دێت واتا ڕزق وڕۆزی دەبەخشێت بە بوونەوەرەکان

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8290